## ئەو ساتانە ناسڕێنەوە

# ( شانۆی سالار )



هەر کارە و هۆکاری خۆی هەیە، هەر چۆن هەر هەنگاوەو هەواری خۆی هەیە.

هونەر پشکنین و بینینەوەیە، پەی بردنە بە چاوکی راستییەکان، هونەر ئەو بەرهەمە زیندووەیە کە مەیین و راوەستان و ئەوقبوون نازانێ بەری بە کێوەیە، هەرکاتێ هونەرمەند ئەو زیندوویّتی و بەردەوام نوێبوونەوەیەی وەلاوەنا، ئەوە خۆی و هونەرەکەشی وەچاڵەوە ناوە .

لە ناخەوە هەستم بە رکەبەرایەتی کەسانێك و لایەنێك ئەکرد بەرامبەر بە خۆم و قوتابییەکانیشم،خوا شوێنێکی پێدابووین، کە بە دەم چافی کردن و فیشکە فیشکی جگەرەکێشان و جگەرە فتکردنەوە کار و بەرهەمی ئەوانەی شەو و رۆژیان بە یەکەوە چەسپی، داهێنان ئەکرد.

زۆرجار ئەو تەڕاحخانەیەیانم بە (کانی ژنان)، لەگەڵ رێزما بۆ ژنان، ناو ئەبرد. دیارە کانی ژنان تایبەتی گوندەکانەوە، لەسەر ئەو کانییە ژنان و کچۆڵەی گوندەکە یەکدی ئەبیننەوە، ئەوەی نییە و هەیە باسی ئەکەن، رەنگە ئەو سەرکانییە بەپێی بارودۆخی خانمانی گوندنشین وەك سی هەناسەدانیان بێ، هەر لەو شوێنەدا کە بە پەرژین و وشکە کەڵەك و داروبار و تەیمان پۆشراوە، ئەوەی باسی ئەکرێ و لێوە ئەدوێن، گونجاوترین جێگابێ، تەنانەت باسی شتی زۆر تایبەتی شەوانەشیان بکەن، ئیتر خوا یارمەتی ئەو بووك و ئەوانە بدات کە لەو جۆرەن، ئەچنە بن کلێشەیەوە و چی ژێر بەرەشە پێی ئەخەنە سەر بەرە!

هەرکاتێ دیاردەیەکی هونەری، یان ئەفراندنێکی هونەری بە دەر لە خۆیان بهاتایەتە گۆڕێ، ئەوە لەوێندەر ئەبووە بنێشتەخۆشەی ناو زاریان، ئیدی بێبەزەییانە تیر و شیریان لێ ئەسوا .

ئەمە کردنەوەی سەندیکایە، ئەوە دامەزراندنی پەیمانگەیە، ئەمەشیان، هەتا گەرماوگەرمە، مایەی ئیشتیها و دڵبردنە، هەر خوا دایناوە بۆ بەرچایی، ئەوەش پرۆژەی دروستکردنی شانۆی سالارە .

: باشە ناو قاتی بووە ؟!

: ناو نەبوو سالار نەبێ !

:ئەمە ئەو پەڕی خودپەرستییە، بەڵێ نێرسیسییەتە .

:ئەیەوێ چی بکات؟

:سەری لێدەرناکەم!

هەزاران پرسیار و سەدان لاقرتێ و شۆخی پێکردن و دەیان تیر و توانج تێگرتن، لەسەر بنەمای ( شەل و کوێرم ناپارێزم ) .

زۆرجار بە هاوەڵانی هاوخەمم ئەگوت:( ئیمام عەلی کوڕی ئەبوو تالب) خوای لێ رازی بێ، جوانی فەرمووە، لەگەڵ زانادا زۆرانمگرت دام بە زەویدا، بەڵام لەگەڵ نەزاندا زۆرانمگرت ئەو دامی بە زەویدا، کورت واتەنی دوژمنێکی دانا لە سەد دۆستی نادان چاکترە .

پاش ئەوەی لەگەڵ هاوەڵانمدا بەیەکەوە دانیشتین و مشتومڕ و گفتوگۆمان لەسەر دانانی تیپەکە ئەکرد، مامۆستا (کەمال هەنجیرە) پێشنیاری کرد، ناوی بنێین: (تیپی شانۆی سالار)، من خۆم ئەمزانی کەسانێ چی ئەڵێن و چی ناڵێن، بۆیە سەرەتا بە باشم نەزانی، بەڵام سەرجەمیان سوور بوون لەسەر پێشنیارەکەی کاك کەمال و ئەو ناوەیان پەسەند کرد و منیشیان قایل کرد.

هەمووان لە سەر ئەو رایە کۆك بوون، کە ئەمە چەندەمین

# ئەحمەد سالار

## تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

تیپە و لەبن دەستمان دەرێدێنن و جێگامان پێ لێژ ئەکەن، بۆیە ئەو ناوە جۆرە موڵکایەتییەکی تایبەتی پێوەیە، هەروەها رایانوابوو کە ئەندامەکانیشی بەتایبەتی دەستەی بەڕێوەبردن هەر لەوانە بن کە لە خۆمەوە نزیکن و جێگای گومان لێکردن نین .

کارەکانی ناو پارێزگامان تەواو کرد، ئەوسا دەبوو بنێرین بۆ دەزگای شانۆ و سینەما لە بەغداد. بە ناوی ( ستۆدیۆی شانۆی سالار)، بەڵام لە بەغداد وەرامیان داینەوە کە لە یاساکەیاندا ناوی (ستۆدیۆ) نییە، بۆیە کردمانە (تیپی شانۆی سالار)، سەرجەم مادده و بڕگەکانی پەیڕەوی ناوخۆ، کلێشەئاسا بوو، ئەو یاسایەی لە ساڵی (١٩٥٨)ـەوە دەرچووبوو، پاش ماوەیەك مۆڵەتمان بۆ هاتەوە لە ١٩٨٤/١١/٤، بە واژووی ( محەمەد سەعید سەحاف).

یەکەم هەنگاو گرینگیدان وبردنەپێشەوە لاوەکان بوو بۆ بەرهەم پێشکەشکردن، هەرچۆن زۆربەی ئەندامەکانمان لەقوتابیانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی بوو . یەکەم بەرهەم و نۆبەرەو نوخشەی تیپەکەمان، شانۆیی (کوێر ئۆغڵی) نووسەری گەورە ( یەشار کەمال ) بوو، لەگەڵ (هەمزە کەچەڵ)ی سەمەد بەهرەنگی کە لە ئامادەکردن و دەرهێنانی هونەرمەند (شەفیق محەمەد) بوو، کە ئەو دەمە هێشتا وەکو قوتابی بوو، بەڵام کاك شەفیق لاوێکی زرنگ و هوشیار بوو، بەردەوام سەرقاڵی خوێندنەوە و خۆپێگەیاندن بوو.

من بەشبەحاڵی خۆم جگە لە کاری سەرپەرشتی گشتی بەرهەمەکە، کاری دیزاین و دیکۆریشم بۆ کردبوو. ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامان بەشداری کارەکەیان کردبوو. ئەم کارە بە شاکارێك دائەنێم لە ئەلبوومی کارەکانی تیپەکەماندا.

ڕۆژی (١٩٨٤/١٢/٤) بۆ ماوەی (١٠) ڕۆژ لە هۆڵی چالاکی قوتابخانەکان بەردەوام بوو.

دایلۆگێکی کەسایەتی (نیگار) کە هونەرمەند ( فەریدە ئەحمەد) ئەینواند لە شانۆییەکەدا نووسرابوو ))نیگار: بۆ سەرزەنشت نەکەین؟ تۆ یاسای چامڵی بێلت شکاند، ئەی خۆت بە ئێمەت نەوت نەبین بە دیلی سۆز و بەزەیی و خۆشەویستی نابەجێ؟ هەرخۆت نەتوت هەندێ جار خۆشەویستی نابەجێ هەزار ویەك خیانەت بە دوای خۆیدا دێنێ؟ (دوارت) ڕۆیشت و دەبێ چاوەڕوانی پەلاماری دوژمن بکەیت، دیواری پۆڵاینی چامڵی بێل قلێشاو ئەم کارە دوژمنانی ئێمە خۆشحال و ئازاد دەکات)) .

هەر لەم دەرفەتەدا بە رەوای ئەبینم، ئەو وتەیەی تیپ کە لەلایەن منەوە نووسراوە، دەرخەری فەلسەفە و مەبەستی هەبوونی تیپەکەیە بۆ مێژوو تومار بکەمەوە، کە رەوت و گەوهەری تیپەکەی تیادا دەنوێنێ، لەژێر دروشمی شانۆ ژیانەوە: (شانۆ ژیانە و، ژیانیش بە واتا فراوانەکەیەوە.. هیچ کاتێ ژیان لە ئاست و کاتێکدا ڕاناوەستێ، بەڵکو هەمیشە لە پەرەسەندن وگۆڕاندایە.

بوونی ئێمە و لە دایکبوونی تیپەکەمان دەنگدانەوەیەکی و بەتەنگەوەهاتنی پێداویستی ژیانە، بە ئومێدی ئەو شانۆیەی کە لە پێناوی کێشە گشتییە مەزنەکانی مرۆڤدا دەژی، وەك هێزێکی گرنگی کۆمەڵایەتی، هاوبەشیی گۆڕانکارییەکانی بکات و کۆمەڵگەکەمان بە گیانێکی پیرۆز و ورەی بەرزی دڵسۆزانە پەروەردە بکات .

شانۆیەك دەخوازێ راستگۆ بێ لە ئاستی رەنگدانەوەی خواست و ویستەکانی جەماوەر و رابەری بۆ چاوکردنەوە و شارەزاکردنیان بەرامبەر باری ژیان و پەڕینەوە بۆ ئاییندە...

بڕوامان بە ڕەوایی ئەو مافەیە کە هەقی رەنجدان و ماندووبوون دەدات لەپای هێنانەدی ئاواتە پیرۆزەکانماندا. سووتانێکی پڕلە بڕواداری عەشقی جەماوەر.

ڕۆخێکی راستەقینەی روباری هەوڵی هونەرمەندانی خوێنگەرم و گەش و خاوەن بیر و بەهرە و لێهاتوویی، ئەوە لە دایکبوونێکی دروستە بۆ شانۆیەکی سەربەرز ...

ئەوا ئێوە و ( کوێر ئوغڵی ) نۆبەرەمان لەگەڵ جیهانێ لە خۆشەویستی .

( تیپی شانۆی سالار )
١٩٨٤/١٢/١ سلێمانی

هەر بەم بۆنەیەوە حەز ئەکەم ئەو یادەوەرییەش بهێنمەوە یاد، کە سەبارەت بە دیکۆر و سینۆگرافیای ئەو بەرهەمە بوو. هەمیشە هەوڵم داوە بۆ پتر راکێشانی بینەر، بتوانم سەرجەم هەستەکانی ببزوێنم، چ بینین، چ بیستن، تەنانەت بۆنکردن، ئەوە بوو دیکۆڕەکەم هەڵدانێ رەشماڵێکی کوردەواری بوو لە سەر و پێشیەوە چیغێکی ئەسمەرپێچ و بەکارهێنانی چەند لبادێکی نەخشدار، هەر کە ئەهاتیتە ناو دەرگای هۆڵەکەوە بە بنمیچ و ئەملاوئەولای دەروەکەدا، ئەوە مێخەکبەند و لەو جۆرە بەرامانەم شۆڕ کردبوویەوە و هەڵمواسیبوون، بۆ ئەوەی هەر لە هاتنە ژوورەوە بینەر بچێتە ئەو کەش و هەوایەوە. هەر بۆ تاقیکردنەوە بە هونەرمەندە هەرە ئازیزم کۆچکردوو کاکە (ئاراسی تەیبی بەقاڵ) م وت: کاکە ئاراس گیان حەز ئەکەم بچیتە ژوورەوە و پاشان وەرە دەرەوە بزانم هەستت بەچی کرد؟ کاکە ئاراس بە قسەی کردم و کردی وتم: ها چی بوو؟

:بە زاتی خوا وامزانی سەرقاپی مەنجەڵێ سەروپێم هەڵداوەتەوە.

وتم: کاکە ئاراس ئەوە هی ئەوەیە ئەزانم بەقەدەر من حەزت لەخواردنی سەروپێیە، بەڵام توخوا هەر ئەوەندە بوو؟

: نا، نا، یەکسەر جاران و کەشی هەقایەتخوانی هێنایەوە یاد و بەرچاوم .

:ئێ کاکە گیان دە وا بڵێ، ئا ئەوەیان خۆیەتی.

**رەنگە ئەو سەرکانییە بەپێی بارودۆخی خانمانی گوندنشین وەک سی هەناسەدانیان بێ، هەر لەو شوێنەدا کە بە پەرژین و وشکە کەڵەک و داروبار و تەیمان پۆشراوە، ئەوەی باسی ئەکرێ و لێوە ئەدوێن، گونجاوترین جێگابێ، تەنانەت باسی شتی زۆر تایبەتی شەوانەشیان بکەن**


**بوونی ئێمە و لە دایکبوونی تیپەکەمان دەنگدانەوەیەکی و بەتەنگەوەهاتنی پێداویستی ژیانە، بە ئومێدی ئەو شانۆیەی کە لە پێناوی کێشە گشتییە مەزنەکانی مرۆڤدا دەژی، وەک هێزێکی گرنگی کۆمەڵایەتی، هاوبەشیی گۆڕانکارییەکانی بکات و کۆمەڵگەکەمان بە گیانێکی پیرۆز و ورەی بەرزی دڵسۆزانە پەروەردە بکات**

## کارە نهێنییەک



خانمە ئەکتەری تورکی بیلین کارهان کە بە (سوڵتانە مەریەم) ناسراوە رایگەیاند کە زۆر حەز لە خواردن و ئامادە کردنی شیرینەمەنییەکان دەکات و زۆر جار سەردانی ئەو وڵاتانەش دەکات کە بە شیرینەمەنییەکان ناسراون تەنانەت خەونیش بەوەوە دەبینێت رۆژێك لە رۆژان شوێنێکی تایبەت بە خۆی هەبێت بۆ فرۆشتنی. هەر سەبارەت بە شیرینی و خواردنی شیرینییەوە بیلین رایگەیاند کە لە کاتی وێنەگرتنی زنجیرە (حریم السلگان) لە شوێنێکی فرۆشتنی شیرینەمەنی کاری کردووە و لەم بارەیەوە وتی: دەمەوێ نهێنییەکی خۆم ئاشکرا بکەم کە تا ئێستا کەس پێی نەزانیوە ئەویش ئەوەیە کە من بۆ ماوەی دوو مانگ لە شوێنێکی فرۆشتنی کێك لە ناوچەی (ئۆلۆس) کارم کردووە ئەمەش هاوکات لەگەڵ وێنەگرتنی دیمەنەکانی

## ئیڤا لۆنگۆریا دەبێتە باڵیۆزی جوانی



زۆ رلە ئەکتەر و کەسایەتییە ناودارەکان لەلایەن رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە بەتایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان بە باڵیۆزی جیاجیا دیاری دەکرێن و لە سەر ئاستی جیهان دەناسرێن، لە میانەی دابەشکردنی خەڵاتەکانی (the Global Gift Gala) کە لە مەدریدی پایتەختی ئیسپانیا ئەنجامدرا خانمە ئەکتەری ئەمریکی ئیڤا لۆنگۆریا بە باڵیۆزی جوانی دەستنیشانکرا.

لە ئاهەنگەکەدا کە چەند خانەیەکی ناسراوی جلوبەرگ و جوانکاری لەسەر ئاستی جیهان سازی دەکەن ئیڤای تەمەن ٤٢ ساڵ بە کراسێکی زێڕی و بێجی ئامادە بوو، لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتەکە خۆشحاڵی خۆی بۆ ئەم نازناوە دەربڕی و وتی: من لە ژیانی هونەریمدا چەندین خەڵاتی جۆراوجۆرم بە دەستهێناوە و، بەڵام ئەمە یەکەم جارە نازناوێکی لەم شێوە بەدەست بهێنم بۆیە ناتوانم وەسفی خۆشحاڵی خۆم بکەم سوپاس بۆ هەموو لایەك.

شایەنی وتنە لەکاتی پێشکەش کردنی وتارەکەی منداڵێکی تەمەن ١٠ ساڵان چووە سەر تەختەی شانۆ و ئیڤای ماچ کرد و چەند وێنەیەکیشیان بۆ یادگاری گرت، دواتر داوای لە ئیڤا کرد کە هاوکاری بکات بۆ نیشاندانی تواناکانی خۆی لە گۆرانی وتن و بە یەکەوە گۆرانییەکیان وت کە بووە مایەی رەزامەندی ئامادەبووان.

## ـــــــەی بیلین بزانە

(حریم السلگان)، بەڵام کەس لە هاوڕێکانم درکی بەوە نەدەکرد، چونکە دوای تەواو بوونی وێنەگرتن دەچووم لەو شوێنە کارم دەکرد و هەرچەندە خۆیشم کاری خزمەتگوزاریم بۆ میوانەکان دەکرد، بەڵام هیچ کرێیەك وەربگرم، مەبەستی من زیاتر ئەوە بوو فێری چۆنیەتی ئامادەکردنی جۆرەکانی شیرینەمەنی بم. بیلین ئەوەشی ئاشکرا کرد کە ئەو کەسانەی دەهاتنە ئەو شوێنە و منیان دەبینی باوەڕیان نەدەکرد، بۆیە زۆر بە دەگمەن داوایان لێدەکردم کە شیرینییەکانیان پێشکەش بکەم، بەڵکو زیاتر داوای وێنەگرتنیان دەکرد، ئەوەشی خستەروو کە شارەزاییەکی باشی لەو کارە نهێنییە وەرگرت و وتی: زۆر سوپاسی خاوەنی ئەو شوێنە دەکەم کە دەرفەتی پێدام، چونکە شارەزاییەکی باشم وەرگرت بەجۆرێکی ئێستا دەتوانم شوێنێکی تایبەت بە خۆم دابنێم.



# تەندروستی ئەنجلینا تێکچووە و کێشی تەنیا ٣٥ کیلۆگرام ماوەتەوە

ئەنجلینا جولیی خانمە ئەکتەری ناسراوی هۆلیۆد و باڵیۆزی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران لە ناکاوی باری تەندروستی تێکچووە و چەند رۆژێك لە نەخۆشخانە کەوت، بەپێی سەرچاوە نزیکەکانی ئەنجلینا هۆکاری سەرەکی تێکچوونی باری تەندروستی ئەنجلینا بۆ دابەزاندنی بێ سنووری کێشی لەشی دەگەڕێتەوە.
لەم بارەیەوە ئاژانسی سپۆتینکی رووسی بۆ هەواڵ رایگەیاند کێشی لەشی ئەنجلینا گەیشتۆتە تەنیا (٣٥) کیلۆگرام لە کاتێکدا باڵای (١٩٦) سانتیمەترە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خۆی بەردەوام هەوڵیداوە کێشی لەشی دابەزێنێت و و زۆر جاریش لەگەڵ براد بێتی هاوسەری تووشی دەمەقاڵێ بووە تە نانەت براد بە ئاشکرا هەڕەشەی تەڵاقدان و جیابوونەوەی لە ئەنجلینا کرد ئەگەر بەردەوام بێت ، بەڵام ئەو گوێی پێنەداوە و بەردەوام بووە لەسەر ئەو بەرنامەی بۆ خۆی داینابوو تاکو لە کۆتاییدا باری تەندروستی تێکچوو و تووشی چەندین گرفت بۆوە.
هەر لەم بارەیەوە بەر لە ماوەیەك چەند سەرچاوەیەکی هەواڵ بڵاویانکردەوە کە ئەنجلینا لە ماوەی شەش مانگی رابردوودا وەك جاران ئارەزووی خواردنی نەماوە، ئەم هەواڵەش بووە هۆی نیگەران بوونی جەماوەر و هەوادارانی بەتایبەتی دوای ئەوەی دەزگاکانی راگەیاندن چەند وێنەیەکیان بڵاوکردەوە لە چوارچێوەی کارەکانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و سەردانی کردنی بۆ چەند کەمپێکی پەنابەرانی سوری لە یۆنان، لەم وێنانەدا بە ئاشکرا دیار بوو کە کێشی لەشی بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە ئەمەش نیگەرانیی جەماوەرەکەی زیاتر کرد و گەیشتە ئەو رادەیەی کە هەندێك کەس بە ئاشکرا بڵێن ئەنجلینا لە مردن نزیك بۆتەوە.

## سەرەڕای قەیرانی ئابووری و شەڕی داعش

# لە هەولێر فیستیڤاڵێکی شانۆی مۆنۆدراما ساز کرا

بەڕێوبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر یەکەم فێستڤاڵی شانۆی مۆنۆدراما لەشاری هەولێر ساز کرد کە ١٤ نمایشی شانۆیی شارەکانی کودستان و دوو بەرهەمی عەرەبیش لە خۆ دەگرێت. لە دەستپێکی فیشتیڤاڵەکە دوو فیلمی دیکیۆمنتاری دەربارەی ژیانی هەریەکە لە هونەرمەندانی شاری هەولێر شەهید جەوهەر باپیر و خانمە شانۆکاری ناسراوی شاری هەولێر سەمیرە عەبدۆك، دواتر بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ رێزی لە ژمارەیەك شانۆکار و راگەیاندنکار گیرا کە لە ماوەی رابردوو چەندین کاری شانۆییان پێشکەش کردووە.

یەکەم نمایشی فیستیڤاڵ لە ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٤/١٠ دەستپێکرد، بە شانۆگەرییەك کە بەرهەمی نێوەندی توێژینەوەی شانۆی کەلتوریە بەناونیشانی "دەبمە ئەکتەر لە چاوەڕوانی گۆدۆ" دارِشتنەوە ودەرهێنانی نیهاد جامی و نواندنی حەمە ساڵح، کارەکانی دیکەش بەم شێوە بوون: تیپی شانۆی سالار شانۆگەری "مینا" نمایش دەکات نوسین ودەرهێنانی ئەحمەد سالار و نواندنی ماجید شکاك، یپی شانۆی تیشك شانۆگەری "زایەڵەی ئاسمان" نمایش دەکات، نوسینی سەباح عەتوان و دەرهێنانی تەها بیبانی،، تیپی شانۆی هەوار شانۆگەری "هاوارێك لە تاریکی" نمایش دەکات سینۆگرافیا ودەرهێنانی نەژاد نەجم شانۆگەری "منداڵێك لە دایك دەبێ" کە لە شانۆگەری ڕمەکانی کارەساتی قاسم مەترود وەرگیراوە و جوتیار ڕەفعەت ئامادەی کردۆتەوەو کاری دەرهێنانی بۆ کردووە لە نواندنی ڕۆزانا فەرهاد. تیپی شانۆی حێدە کە گروپێکی شانۆیی شاری کۆیە مۆنۆدرامای "من وشێلم فرۆشەکە" نمایش دەکات، نووسینی گەزیزە و دەرهێنانی شوان حەمە سەعید و نواندنی محەمەد مەهدی. تیپی شانۆی پیرەمەگرون شانۆگەری "هیوایەك بەر لە مردن" نمایش دەکەن، نووسین ودەرهێنانی ئومێد کەمال، کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد- مەڵبەندی گشتی شانۆگەری "خۆشەویستی هەنگاوێك لێمەوە دوور بوو" ئامادەکردن ودەرهێنانی زاهیر عەبە ڕەش ونواندنی شایی ڕەزا نەجار، شانۆگەری "رۆژمێری پیاوێکی سەیر" نمایش دەکرێت، نوسینی گۆگۆڵ و ئامادەکردنی ئازاد بەرزنجی، دەرهێنانی: عوسمان فارس و نواندنی: عوسمان مەعروف، شانۆگەری "تداعیات الوگن" نمایش دەکرێت، نوسینی قاسم مازی و دەرهێنانی د. سەیفەدین حەمدانی، شانۆگەری "هاواری شێتێك"، ئامادەکردن ودەرهێنانی ئاوارە، شانۆگەری "تابلۆیەك ژ کوشتنێ" دەرهێنانی هەڵکەفت ئیدریس.

شانۆگەری "دوا گۆرانی" نوسینی چیخۆف و دەرهێنانی یوسف عوسمان، لە کۆتاییدا لە هۆڵی بەرێوبەرایەتی تیپی بەنگازی بۆ هونەری شانۆ، کە لە وڵاتی لیبیاوە هاتوون شانۆگەری "سۆزی شەو" کە لە نوسین ودەرهێنانی ناسر ئەلئوجەلی و نواندنی سوعاد خەلیل و سینۆگرافیای عەلا ئەلئوجەلی و میوزیکی عومەر فیتۆرەیە.

**شانۆکاران چی دەڵێن؟**

سازکردن و ئەنجامدانی هەر چالاکییەکی هونەری لەم ساتەدا کە وڵات بە قەیرانێکی ئابووری دژواردا تێپەڕ دەبێت و رووبەڕووی دوژمنێکی توندڕەو و دوژمنی مرۆڤایەتی



د.فازل جاف



هیوا سوعاد

بۆتەوە، خۆی لە خۆیدا بە دەستکەوتێکی گرنگ دادەنرێت و جێگای رێز و ستایشە، لەم بارەیەوە هونەرمەندان را و بۆچوونی خۆیان خستەڕوو.

**سەرەتا د.فازل جاف کە ئەندامی لیژنەی ناوبژیوانی فیستیڤاڵەکەیە بەم شێوەیە رای خۆی دەربری:** بە حوکمی ئەوەی کوردستان وڵاتێکی فرە کەلتووری و فرە رەهەندییە لە هەموو بارودۆخێکدا ساز کردنی فیستیڤاڵی چالاکی شانۆیی زۆر پێویستە، چونکە چالاکییە شانۆییەکانی کوردستان لەچاو وڵاتان زۆر زۆر کەمە، بێگومان ساز کردنی لەو بارودۆخەدا کارێکی قورسە و ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە میللەتی کوردی دەیەوێ خاوەن کەلتوورێکی زیندوو و باش بێت و لە بواری هونەریدا پێگەی خۆی هەبێت، و شانۆکارانی کورد لە ئێستادا دەتوانن هەر ئەوەندە پێشکەش بکەن و ناتوانین داوای زیاتری لێبکەین، بەڵام پێویستە ئەو کارانە پێشکەش بکەن کە گوزارشت لە واقعی ئێستای هەرێم بکات.

**مامۆستا هیوا سوعاد بەڕێوەبەری هونەری شانۆ:** فیستیڤاڵی مۆنۆدراما بۆ ئەوە ساز کراوە بەرەو بدرێت بە رەوتی شانۆیی و ئاشنابوونە بە هونەری مۆنۆدراما و شانۆیی و ئەزموونی هونەرمەندانی کوردستان و بیانی، هەر بۆیە لە کاتی سازدانی فیستیڤاڵەکان بینەری زیاتر و هەمەرنگتر لە هۆڵەکان دەبنیرێت، ئەم فیستیڤاڵەش بەرهەمێکی زۆری لە خۆ گرت و ماوەی دە رۆژ بەردەوام بوو، ئێمە لە سەرتاپای کارەکانماندا و بەتایبەتی لەو فیستیڤاڵە دەمانەوێ بڵێین هەرگیز هونەرمەندی کورد گوێی بە قەیران و ساتە ناخۆشەکان نەداوە و نادات، بەڵکو هەمیشە لەگەڵ ئازار و مەینەتییەکانی میللەتەکەیەتی.

**هونەرمەند عەلی ئەحمەدیش وتی:** من زۆر دڵخۆشم بەو بەردەوامیەی هونەرمەندان و سووربوونیان لەسەر رانەوەستانی چالاکییە هونەرییەکان لە شارەکەمان، چونکە ئەگەر ئێمەی هونەرمەند بەردەوام نەبین و بارە هەڵنەگرین باوەڕ ناکەم کەسی دیکە بێ لە جیاتی ئێمە بێ و کارەکان ئەنجام بدات، لەو کاتەی کە قەیرانی ئابووری و شەڕ لە کوردستان هەیە و سەرەڕای ئەمەش بارەکەمان لە ئەستۆ گرتووە هیوادارم هونەر گرنگییەکی تایبەتی پێ بدرێت و ناکرێ بوونی قەیرانی ئابووری بگرێتە بیانوو بۆ پشتگوێخستنی هونەر، چونکە ژیان پەیوەستە بە هونەر و ئەدەب واتە ئەگەر هونەر وەستا ژیانیش دەوەستێت، هونەر زۆر شت لە خۆ دەگرێت و تەنیا ئەوە نییە تۆ بچی شانۆگەرییەك پێشکەش بکەی یان بەرهەمێکی گۆرانی بڵاوبکەیتەوە.


**سەعدون یونس:** یادکردنەوە یاخود سازکردنی هەر فیستیڤاڵێك هەنگاوێکی پیرۆزە بەتایبەتی بۆ ئێمەی کورد لەو بارودۆخە هەستیار و ناسکەدا کە کوردستان نقومی قەیران بووە و میللەتی هەست بە بێئومێدییەك دەکات، گرنگترین کار کە حکومەت پێویستە ئەنجامی بدات گرنگیدان و زیندوو کردنەوەی کەلتوورە، چونکە هەر میللەتێك ئەگەر کەلتووری نەبێت یان تەنانەت وەکو پێویست نەبێت ئەوا بوونی و نەبوونی هیچ جیاوازییەکیان نابێت، لە دێر زەمانەوە دوژمنانی میللەتەکەمان بە هەموو شێوەیەك هەوڵی نەهێشتنی کەلتوورەکەمان دەدەن و زۆر بێهێز کردن و لەناوبردنی کەلتووریان لە پێش هێرش سەربازی و چەکداری داناوە، بۆیە من دەڵێم هەنگاوێکی باشە هیوادارم لایەنە پەیوەندیدارەکان گرنگی زیاتر بەم بابەتە بدەن و لە ژێر هەر بارودۆخێکدا بێت نابێ سازکردنی ئەم جۆرە چالاکیانە فەرامۆش نەکرێت.

جیگەی ئاماژە پێدانە ئەم فیستیڤاڵە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر بە هەماهەنگی لقی هەولێری سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان سازکراوە.





عەلی ئەحمەد



سەعدون یونس